فڕین به سەر میراتدا و سازکردنی پێکهاتەیەکی جیاواز

(خوێندنەوەیەکی «شەش کۆمەڵە شیعری یوونس ڕەزایی»)

ڕەسووڵ سوڵتانی

(١ - ٢)

دەمەوێ بەر لە دەستپێکردنی باسەکەم لەسەر شیعر، بە شێوەیەکی ناباو بڵێم: ئاسمانگەڕێک بێننە پێش چاوتان، دواتر بیر لەوە بکەنەوە ئەو زانایانەی مەبەستی ئافراندنێکی لەو چەشنەیان هەبووە، دەبێ جودا لە توانایی و خۆزیای زانستیی خۆیان، کۆمەڵە زانیاری و داتایەک لە بوارە جیاوازەکانی پێوەندیدار بە بواری بەردەستیان، لە بنەبانی مێژووەوە تا دەموساتەکانی دروستکردنی ئەو ئاسمانگەڕە بەکار بێنن، لەو ڕەوتەدا، پشتگوێ خستنی هەر بوارێکی پێویست، دەبێتە هۆی کەمایەسییەك لە سیستمی کاریاندا و ئەگەر ئەو ڕوانینە بەرین و هەمەلایەنە نەبێ، کارەکەیان سەرناگرێ و بە ئاکام ناگا.

تەمسیلی پێشووم بۆیە هێنایە بەرباس تا دەلاقە بۆ سەرەتای باسێک بکەمەوە کە لە بواری ئەدەبیات و شیعری ئێستادا باسێکی گرینگ و شیاوی سەرنجە، ئەویش زەق بوونەوەی هەڵە تێگەیشتنێک و خستنە ڕووی ڕاستییەکە. بابەتی یەکەمیان باس لەسەر ئەوەیە کە نوێخوازی، واتە سڕینەوەی ڕابوردوو بە هەموو بیچم و شێوەکانییەوە کە هەموو ئەزموونەکان، نیشان دەدەن ئاگادار نەبوون لە میراتی پێشوو، واتە دەستەوەستانی لە ئافراندنی فۆڕم و تەکنیک و زمانی نوێتر، چون نەناسینی بنەمایەک بۆ دەستپێک و نەدۆزینەوەی وزە لە ناخداهەڵگرەکانی پێشوو، سەرلێشواوی و دەڵەمەیی لە دەقی دواتردا دەبێتە بەرهەم و ئاکامەکەی، بابەتی دووەم بنیادنانی بینایەکی نوێ لە بیر و دەق بە ناسین و دۆزینی میراتی پێشوو و ڕاپەڕاندنی کارێک کە نیشاندەری ئاگاداری بە سەر هەموو وزە ناخەکییەکان و زەرفییەت و نەتوانینەکانی گوتاری پێشوو بێ. ئەو ڕەوتە بەو شێوەیە دەوامەی دەبێ کە لە ئەنجامی ئەو ناسینەوە حەول بۆ بیناکردنی سیستم و خستنە ڕووی گوتارێکی نوێ، دەگاتە ئەنجامێکی

یوونس ڕەزایی

نوێ و سەرسوورهێنەر کە تێیدا لە سەر بنەمای ئاشنایی ناسییەوە حەول بۆ ناسیاوی سڕینەوە چ لە زمان و چ لە فۆرمدا دراوە.

ئەگەر ئاوڕ لە کارەکانی کەسانی وەک «جیمز جۆیس» و «میلان کۆندێرا» و «ڕابێرت بلای» و «ئۆکتاڤیۆپاز» و ئەحمەدی شاملوو» و «شێرکۆ بێکەس» و... زۆر داهێنەری تر لە سەردەمی مودێرندا بدەینەوە، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ کە ئەوان ئەوەندەی داهێنەر و سنوورشکێنن، هێندەشیان ئاگا لە سیستمی زمانی و نیشانەیی و واتایی پێشوویە، گەڕانەوەی «جۆیس» بۆ سەرچاوەکانی وەک «کتێبی پیرۆز» و «ئیلیاد و ئوودیسە» و ئوستووورە کەوناراکان و داڕشتنەوەی جیاوازی دەقێک کە دنیای ئەدەبیاتی داچڵەکاندووە، سەرنجی کۆندێرا بۆ وێنە بۆ دەقی وەک ڕۆمانەکەی سێرڤانتس و «میراتە لە بیر کراوەکەی»ئەو، گەڕانەوەی و ئاگاداری «ڕابێرت بلای» لە ئەدەبی کەونی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، تەنانەت باسی بەرهەمەکانی شاعیرانی سەدەکانی چوار و پێنجی فارس، گەڕانەوەی شاملوو بۆ سەرچاوە کۆنەکانی وەک «مێژووی بەیهەقی»، ئاوڕدانەوەی «ترانسترۆمەر» لە قاڵبی هەزاران ساڵەی هایکۆی ژاپۆنی و گەڕانی شێرکۆ بێکەس لە زمانی بەیت و باو و شیعری «مەلاخدری میکاییلی شاوەیسی» و دەیان و سەدان نموونەی دیکەی لەو بابەتە، ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە پێویستە هەم ڕابوردوو بناسی و شەنوکەوی بکەی و هەم ئێستایەکی جیاواز ساز بکەی و ڕووت لە داهاتوو بێ، بینا کردنێک، بێ ناسینی هەموو ئەو کەلێن و قوژبنە زمانی و نیشانەیی و واتایی و فۆرمیانە ڕاستییەکەی سازکردنێکی بێ ڕیشە و شوناس و ماڵێکە لە سەر لیم.

بەو پێشەکییەوە دەچمە سەر باسێک کە بڕیارە ئاوڕێکی لێ بدەمەوە.

شاعیرێك شارەزای سەرلەبەری فۆلکلۆر و ئەدەبیاتی کلاسیکی میللەتەکەی و جیهان و هاوکات ڕەوتەکانی ئەدەبی جیهانی و تازەترین داهێنانە ئەدەبییەکان و دەوروبەری نەبێت، نەك ناتوانێت بەرز بفڕێت، بگرە لە جێی خۆی دەچەقێت و دواجار زەمان بە هێڵەگی بێبەزەیی دایدەبێژێت و بە نەمانی دەسپێرێت، هەر وەك چۆن ئەو سەکۆیەی بۆ ئاسمانگەڕەکە چێ دەکرێت، بۆ ئەوە نییە تاهەتایە لەوێ دابنرێت، بەڵکو ڕێك بۆ ئەوەیە لەوێوە بەرەو ئامانجەکەی بفڕێت، ئاوا گرینگیدانی شاعیریش بە فۆلکلۆر و ئەدەبی کلاسیك بۆ ئەوە نییە شاعیر لەوێدا بچەقێت و بخولێتەوە، بەڵکو بۆ ئەوەیە، ئەو خەزێنەی ئەزموونە بکاتە هەوێنی فڕین بەرەو بەرزترین لووتکەکان و ئەوانەش کە، یان بە هەر بیانوویەك خۆیان لە خوێندنەوەی قوواڵی فۆلکلۆر و کلاسیك دەدزنەوە، پاش قەیرێك خولانەوە بە دەوری خۆیاندا، لە یادان دەچنەوە، تەنانەت نابنە چیرۆکە کۆنێکیش.

هەر کەس چەند شیعرێکی «یوونسی ڕەزایی» بخوێنێتەوە، زۆر زوو هەست بەوە دەکات کە شاعیر،

پاشخانێکی بەهێزی زمان و زانیاریی ئەدەبی و خەرمانێکی بە پیتی وێنەی شاعیرانەی لە مێشکیدا پاشەکەوت کردووە و ڕابوردووی بە تێڕامانێکی وردەوە خوێندووەتەوە و بە ئەشقەوە لەگەڵی ژیاوە.

ئەو ئەزموونەش؛ کە ئاوڕ لە سەرجەم ئەزموونەکانی شاعیر دەدەیەوە لە ئێستاوە دەستی پێ نەکردووە، بەڵکو ڕیشەی لە خوێندنەوە و زانیاری ئەو بە سەر ئەو بوارانەدا هەیە و لە ڕابوردووی دەقەکانییەوە دەتوانین ئەو دوو هێڵی ئاگاداری لە سەر کۆی سامانی زمانی و ئەدەبی کوردی و حەول بۆ تێپەڕاندنی سنووری کۆن و داهێنانی نوێ لە زمان و فۆرمدا دەبینرێ.

شیعری «گوڵی شۆران» کە ساڵی ١٩٩٧ لە «گۆڤاری ڕامان»دا بڵاو بۆوە و نیشانی گرینگیدانی شاعیر بە هێندێ لایەنی جوانیناسانەی بەیتی «لاس و خەزاڵ»ـە و کەڵک وەرگرتن بە شێوەیەکی ناباو لەو لایەنانە تا شیعری «شیعرێکی خوێناوی بە پەیڤی دارەبەن» کە ساڵی ١٣٨٩ (٢٠١٠ز) لە «گۆڤاری سروە»دا بڵاو کرایەوە و لە کتێبی «منم شاعیری ژنانی چاوەڕوان»یشدا هاتووە و ئاوڕدانەوە لە ڕاوێژ و لەحنی بەیتی «خەج و سیامەندە» بە شێوەیەکی نوێ و دڕاشتنەوەی دەقێکە لەسەر بنەمای هێندێک لە تواناییەکانی ئەو دەقە، تا دواتر لە کتێبە نوێیەکانیدا بە شیعرگەلی وەک «سووڕەتی با کە وشەکانم لەگەڵ خۆی دەبا» لە کتێبی «کایە بە ئەلفوبێی گریان» ئاوڕ لە زمانی بەیت و حەیران دەداتەوە و دەیقۆزێتەوە و کەڵکی لێ وەردەگرێ. ئەو ئاوڕدانەوەیە، ئاوڕدانەوەیەکە لە پوتناسیەلی حەیران و بەیتە کوردییەکان لە بواری زمان و دەربڕینەوە، ئاوڕدانەوەکەش شێوەیەکی تایبەت بە خودی شاعیرە، هەر وەکی لە دارشتنەوە و کەڵک وەرگرتن لە «خەج و سیامەند» لە کتێبی «منم شاعیری ژنانی چاوەڕوان»دا شیعرەکەی هەم سەربەخۆ و هەم سەر بە و زمانەیە، هەم فۆرمی خۆی هەیە و هەم بەشێک لە تواناییەکانی ئەو فۆرمەی تواندووەتەوە ناو شیعرەکەی. لە شیعری «هەرەوەزی تینوێتییە لە چیای مەغڵوبی تەنیایی»دا کە یەکەم شیعری کتێبی «تەنیایی لە تیراژی پاییزدا»یە، دیسان ئاگاداری هەم لە مێژووی کورد، هەم لەکەلەپووری زمانی و هەم خوێندنەوەی بۆ ئینسان و ژانی ئێستای ئینسانی کورد، هەموو لە دەقێکدا کۆ دەبنەوە.

لێرەدا شاعیر بەیتی «سەیدەوان» و فەزای ئەو بەیتە بانگێشتن دەکاتە ناو دەقیەوە. چیای مەغلوبی داسنی، عێڵی داسنیان، هێرش و داگیرکردن و کوژرانیان و هاوکات داڕشتنەوەی وێرانبوون و کارەساتی شەنگال، ئەوە زمان و فۆرمێکی لەبارە بۆ ئەو ڕووداو و کارەساتە نوێیە، هەر بۆیە خودی ئەو ڕاوێژە تایبەتە لە شیعرەکە دا ڕووداوێکی جوانی زمانیش نیشان دەدا، کۆی ئەو باسانە ئەو ڕاستییەی دەرخست "یوونس ڕەزایی" ئەوەندەی ئاگای لە نوێکردنەوەی زمان و فۆرم هەیە، هێندەشی ئاگاداری بە سەر میراتی پێشوو دایە، تەنانەت لە هێندێ جێگادا وەکی ئاماژەی پێ کرا، وزەکانیان هەڵدەئێنجێ و سەر لە نوێ دایاندەڕێژێتەوە، بۆ ئەو نموونانە لە درێژەی نووسینەکەدا ئاماژەی پێ دەکرێ و دەق دەستنیشان دەکرێ.

١- نموونەی یەکەم... بەشێک لە شیعری «سەردێڕی شیعرێکی خوێناوی بە پەیڤی دارەبەن» لە کتێبێ «منم شاعیری ژنانی چاوەڕوان»:

بمپەیڤن ژنانی گۆمیلکە گۆمیلکەی چاوەڕوان
دەتانبەم هەتاکو هەتاوێک ئاسۆ بم
لە کێڵە سیپانی دڵنیا لە مەرگ
هەتاکو برینێک عاشق بم
بە ڕازی خوێناوی زەمەندی سیامەند.

٢- نموونەی دووەم... بەشێک لە شیعری «سووڕەتی با کە وشەکانم لە گەڵ خۆی دەبا» لە کتێبی «کایە بە ئەلفوبێی گریان»

ئەمن دەمگوت : چاوت بە من بمێنێ بە ئالایەکی شین
کە دەشەکێتەوە سبەینان... لە سەر شانی شێرێک
لە ساباڵاغ...کە دارستانێکی ئەنگوستە چاوە...
ڕابردووی

نەمزانی ئەو محەل کە واژۆیەکم لە دنیای مەجازی... بزر
نەمزانی ئەو دەم کە نامەیەکم لە دنیای ڕاستیی... قسر
چووزانم کەسیرە دەبێ هەنگاوم لە تۆدا...
دەرگاکانیش تا ڕەزبەر... وردە وردە دادەخرێن.

ئەوە پاییزێک دەوەرێ لە شەقامەکانی هەولێر
کە سەردەمێکە دارەکانی ڕووت بوونەتەوە... لە ئینسان

٣- نموونەی سێیەم... بەشێک لە شیعری «هەرەوەزی تینوێتییە لە چیای مەغڵووبی تەنیایی» لە کتێبی «تەنیایی لە تیراژی پایزدا»

زەینی ئەو شیعرەم داوەتە دەست مەترسی
لە چیای مەغڵووبی داسنیان
بەهارێکی دی بەڕێوەیە... ئازیزان
ئیتر باڵی ڕەشی مردن لێک نادرێتەوە
بە تەعبیری ناوادە و کاڵی وشکەسارڵ...
هەموو واتاکانی زنجیر
لێک هەڵدەوەشێن... ئەو وەرزە
بە حوکمی ئایەتێک لە لاپەڕەکانی مرۆڤ
لەژێر چەتری فریشتەیەکی مەزندا
کە تاوسی باخەکانی... هەمیشەیە

بگری... ئەی پێنووسی لە خوێندا بە تەنیام
ئەی شیعری لە ئەوینی سبەینێ... نا دڵنیام
لە مابەین دوو چۆمدا... تەرمێکی تینوویە نیشتمانم
لە پەرستگەی ڕووناکیدا
دوور لە «ئیزەد»ـە سروودی بەربەیانم

جودا لەو بوارە دەمەوێ بە شێوەیەکی گشتی لەسەر چەند چەمکێک وەک نموونە لە هێندێک لە شیعرەکانی یوونسی ڕەزایی ورد ببمەوە و ئەگەر تەمەن مەودای دا لە نووسینی دیدا هەر کام لەو لایەنانە بە تەنیایی هەڵگری باسوخواسی تایبەتن و دەیانوروژێنم.

خەمی مرۆڤ

یەکێک لەو بوارانەی لە هەر شەش کتێبەکەی (یوونس ڕەزایی)دا کەم و زۆر گرینگی پێ دراوە، بابەتی خەمی مرۆڤە، ئەو بابەتە چ وەک خەمی ئینسانی کورد لە چوارچێوەی جواغرافیایەکی تایبەتدا بە شیعر کراوە و چ وەک خەمی ئینسان لە واتای گشتیدا ئاوڕی لێ دراوەتەوە.

داڕشتنەوەی واقیع و باسکردنی خەمە قووڵەکانی مرۆڤ، بە دەر لە زمانی سیاسەت لێدراو و زمانی کڕووزانەوە، بەڵکوو بە حەول بۆ بە زمانیکردنی ئەو خەم و کێشانە، یەکێك لەو ئەرکانەیە شاعیری دەروەست دەیخاتە ئەستۆی خۆی. بابەتی دەروەستبوون و دەروەستنەبوونی ئەدەبیات، ئەگەرچی مەسەلەیەکی قووڵ و ئاڵۆزە، بەڵام پێویستە لێرەدا بە چەند دێڕێك باسی بکرێ، سالانێکە مەسەلەی دەروەستبوون بووەتە پاساوێک بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێ خۆیان لە هەموو بەرپرسیارەتییەکی مرۆیی و تەنانەت ئیستێتیکیش بشارنەوە، خۆ ئەگەر سەردەمانێك بزووتنەوەی پارناس (هونەر لە پێناو هونەردا) سەری هەڵدا و دواتر لە ولاتان لە لایەن بەشێک لە هونەرمەندانەوە ڕەچاو کرا، ئەو ڕەچاو کردن و تەنانەت دواتر دەست لێبەردانەکەشی کۆمەڵێک هۆکاری هەبوو، هەر بۆیە بۆ ناسینی ئەو باسە، دەبێ بۆ هۆکار و

هەلومەرجەکانی سەرهەڵدانی ئەو بزاڤە بگەڕێینەوە، بەڵام ئەو دەروەستبوونەی کە ئێمەش هاوڕاین و پێمان وایە زیان بە ئەدەبیات و هونەر دەگەیەنێت، ئەوەیە وا پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ی یەکێتیی سۆڤیەت لەلایەن لینین و ستالینەوە پێی لەسەردا دەگیرایەوە و پێیان وابوو شاعیر و نووسەر و هونەر بە گشتی، دەبێ لە خزمەتی بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیزمدا بێت و لە دەرەوەی ئەوە نابێ ئاوڕ لە هیچ شتێك بداتەوە و بە گشتی ببنە بەرزەگۆی سیستم و پەرەپێدانی بیروباوەڕێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژیکی، هەر ئەو تێڕوانینەش بوو بە سەرەتای هێرشکردنە سەر فۆرمالیستەکان و دەرپەڕاندنیان لە ڕووسیا، هەر بۆیە دەبێ ئەو ڕاستییە بخرێتە بەر باس کە گوێڕایەڵبوون و بەستنەوەی هونەر و ئەدەبیات لە تووندێڵی بەرتەسکی بیروباوەڕێکی ئایدیۆلۆژیکدا، مەرگی داهێنانی بەدوودا دێت، بەڵام نابێ ئەوە بکەینە بیانوویەك بۆ خۆدزینەوە لە هەموو بەرپرسیارەتییەکی مرۆیی و لە سەر تەرمی بەناهەقکوژراوان دانیشین و بەو بیانووەوە کە ئەدەبیات نابێ دەروەست بێ، بە گشتی لە کۆمەڵگا و مرۆڤ و دەوروبەری دابڕین، کەچی کە سەرنجی شاکارەکانی ئەدەبی جیهانی دەدرێ، لە ژانرە جوداکانیدا ئەو بەرهەمانە دەنگی داهێنەر و خوڵقێنەری ئەدەب بوون کە هەم خەمی زمان و فۆرم و نوێکاری لە بواره جوداکانیاندا هەبووە و هەم لە مرۆڤ و کۆمەڵگاش دانەبڕاون، لە «بەردی هەتاو»ی «ئۆکتاڤیوپاز»ەوە بگرە تا بەرهەمەکانی «میلووش» و «پێرس» و «شیمبۆریسکا» و... هەموو هەڵگری ئەو تایبەتمەندییە باس کراوانەن.

***

پاش یەکەمین شەڕی جیهانی، فۆرمالیستەکانی ڕووسیا، ڕوانگەیەکی نوێیان بۆ خوێندنەوەی شیعر هێنایە گۆڕێ، کە ئەو بزووتنەوەیە کۆی ڕوانینەکانی ئەو کاتیان بەرانبەر بە شیعر خستە نێو چەقی چەلەحانێ و گەنگەشەیەکی قوڵەوە، ئەگەر تا ئەو کات بۆ ناسینی شیعر، پشت بە ژیاننامەی شاعیر و پێگە کۆمەڵایەتییەکەی دەبەسترا و شیعر بە کۆمەڵێك پێشزەمینەی هزری و تێڕوانینی پێشوەختە و پێوەری لەپێشدا دیاریکراو هەڵدەسەنگێنرا، ئیتر لەگەڵ هاتنە ئارای بیری فۆرمالیستی، ئەو تێڕوانینانە گۆڕانیان بەسەردا هات و زمان بوو بە چەقی تێڕوانینی لێکۆڵەران و ڕاڤەکەران، لەو نێوەدا وتەیەکی بەناوبانگی شکلۆڤسکی هەیە کە دەڵێ: «شیعر ڕابوونەوەی وشەکانە». ڕابوونەوەی وشەکان، خۆی پێویستی بە تێڕامانە، ڕابوونەوە، یان پەسڵان، دەستەواژەیەکن بۆ ژیانەوەی پاش مەرگ، کەوابوو شاعیر گیان بە بەر وشەی مردوودا دەکاتەوە و لە بەرزەخەوە بانگیان دەکاتەوە و زیندوویان دەکاتەوە، هەر ئەوان لە گەنگەشە و باسەکانیاندا باسی ئەوەیان کرد کە زمانی ئاسایی، زمانێکی سواوی خۆکاو «ئوتوماتیکی»ـیە کە بەبێ ئەوەی تێی بفکرین، گۆی دەکەین، بەڵام هەر ئەو وشەگەلە لە شیعردا خوێنەر و بیسەر تووشی تێڕامان و هەڵوەستە دەکەن، لەو ڕەوتی پەسڵان و ڕابوونەوەیەدا، یوونسی ڕەزایی لە پانتایی شیعری کوردیدا، بە شێوازێکی تایبەت بەخۆی کاری کردووە...

شاعیر ساڵی ١٣٨٠ (٢٠٠١ز) یەکەم ئەزموونی شیعری خۆی بە ناوی «شینترین بەتاڵ» بڵاو کردەوە. هەر لە دەسپێکی کتێبەکەدا، بەسەر زمانێکدا دەکەوین کە نامۆ و ناباوە، چ لە شێوەی پێکهاتەی ڕستە و چ لە شێوەی هاونشینی ساز کردنێک کە دەستی داوەتێ. ئەو زمانە، نە زمانی «سواره ئیلخانی زاده»یە و نە سەر بە نەوەی دوای سوارەیە. نە دەشچێتەوە سەر ڕێچکەی «ڕوانگە» و «کفری»، کە دیارترینەکەیان «شێرکۆ بێکەس» و «لەتیف هەڵمەت»ن، نە دەچنەوە سەر شێوازی «سۆهراب سپێهری» و «ئەحمەد شاملوو»، نە

خوێنی شیعری شاعیرانی گوتار و شەپۆلی سێ و حەجمی فارسیی لە دەماری وێنەکانیدا دەگەڕێ، بەڵکو زمان و وێنەکان سەربەخۆ و هەڵقوڵاوی ئەزموونی زەینی شاعیرن.

لە «شینترین بەتاڵ»دا کە یەکەم ئەزموونی شاعیرە و هەڵگری زمان و شێوە ڕوانینێکی جیاوازە، وەکی «دوکتۆر ڕەهبەر مەحموودزادە» لە وتاری «هەندەسەی پەیف لە شیعری شێت»دا ئاماژەی پێ دەکا، هەم شێوەی هەڵسوکەوت لە گەڵ زمان شێوەیەکی ناباوە و دارماڵە لە ڕێساشکێنی واتایی و زمانی و ڕێزمانی، هەم چەشنێک لە شیعری نا-خەتتی دەبینرێ کە چەشەی خوێنەر بەرەو ئاقارێکی دیکە لە جوانی دەکێشێ. ئەو لایەنانە دیارە پیشتر لە لایەن زۆر ڕەخنەگرەوە قسەی لەسەر کراوە، وتارەکانی «وشە هەڵگری ڕیسالەتی تریفە»ی «دوکتۆر ڕەهبەر مەحموودزادە»، «پێکهاتەی زمان و شیزۆ شیعر»ی «مۆراد ئەعزەمی»، «خوێندنەوەی فۆرمالیستی شیعری یوونسی ڕەزایی» لە نووسینی «عەزیز نیعمەتی»، «ڕامانێک لەسەر شیعری شێتی یوونس ڕەزایی» بە پێنووسی «دیاکۆ مورادی» و زۆر خوێندنەوەی دیکەدا بە تێروتەسەلی و هەر کام لە ڕوانگە و لایەنێکەوە ئەو شیعرانەیان خستووەتە بەر باس.

***

ئەوەی لە «شینترین بەتاڵ»دا من دەمەوێ لەنگەری لەسەر بگرم، تاقە شیعری «میژووی شێتی»یە.

ئەو شیعرە کە بیست و هەشت لاپەڕەی کتێبەکەیە، لە چەند گۆشەوە شیاوی لێ ورد بوونەوەیە، ئەگەرچی وەرگێڕی شیعرەکە بۆ زمانی فارسی، واتە «ڕەزا کەریم موجاور» لە کتێبی «تاریخ جنون»دا باسی ئەوە دەکا کە «میژووی شێتی» مانیفێستی ئەو چەشنە شیعرەی یوونس ڕەزاییە، بەڵام من دەمەوێ باس لەو نوختە گۆڕانە بکەم ئەو مەنزوومە بڵندە نیشان خوێنەری دەدا.

ئەوەی لە یەکەم بینیندا سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێ، شێوەی دابەشکاری (میژووی شێتی) یە. ئەو شێوەیە لە شیعردا، شێوەیەکی نەباوە. شێوەی پاژبەندی کردنی شیعرەکەی لە هونەری ڕۆمان وەرگیراوە، واتە سەرەتا شاعیر شیعرەکە وەک ڕۆمان بۆ چەند فەسڵ دابەش دەکا، دواتر هەر بەشەی بۆ چەشنێک باس و خستنە ڕووی دەربڕینی شاعیرانە تەرخان دەکا. بە هیچ جۆرێک لێرەدا باسی ڕۆمانە شیعر لە گۆڕێدا نییە. باسی کەڵک وەرگرتن لە تەکنیکی دابەشکاری ژانرێکە بۆ ژانرێکی کە لە درێژەدا باسی لێ دەکەم.

ناوکی سەرەکی ئەو شیعرە لادان و ڕێسا شکێنییە، بەڵام ئەو لادان و ڕێساشکێنییە لە بواری جودا جودا باسی لێ کراوە.

«پێش وتار»، دەستپێکی (میژووی شێتی)یە. لە هەر نووسینێک لە بواری غەیرە شیعر دا، پێش وتار، زەمینەسازی و ئامادەسازی خوێنەرە بۆ چوونە ناو باسەوە، لێرەدا شاعیر ئەو زەمینەسازییە بە چەشنێک باس لە دۆخێکی نائاساییەوە دەست پێ دەکا. باس لە بارانێکە کە قەت بەو شێوەیە لە شیعر دا دەرنەکەوتووە.

«داد لە زۆربڵەیی باران»

زۆربڵەیی باران، یانی چی؟ ئەوە ڕێك ئەو باسەیە کە فۆرمالیستەکان ناویان نابوو ئاشنایی سڕینەوە، یان نامۆکردنەوەی زمان و وێنەکان. هەر ئەوەی کە خوێنەر دەڵێ، یانی چی؟ واتە شاعیر توانیویەتی منی خوێنەر تووشی تێڕامان بکا، ڕامگرێ. ئەگەر گوتبای باران خۆشی ناکاتەوە، خوێنەر گوێی لە ڕستەیەك دەبوو کە باسی باران دەکات و بیری تەنیا لای باران و هەور و بەهار، یان وەرزێکی باراناوی دەبوو، بەڵام زۆربڵەیی باران پەلکێشمان دەکاتە نێو جیهانێکی زیندوو،

باران زمانی هەیە، زۆری دەڵێ و لێی نابڕێتەوە، بەتایبەتی ئەو خوێنەرەی کە تا ئێستا تەنانەت لە شیعریشدا خووی بە زمانێکی دیکەوە گرتووە، وەك بڵێی بارانی فرمێسکم، ڕیژنەی فرمێسکم..، بەڵام فۆرمالیستەکان دەیانگوت تەنانەت وێنە شیعرییەکانیش لە ئەنجامی دووپاتبوونەوەیاندا وەك زمانی ئاسایی دەسوێن و تووشی تێڕامانمان ناکەن، هەر بۆ تەتەڵەی باسێکی وایە کە «دوکتۆر سیروسی شەمیسا» نموونەیەکی ساکار، بەڵام سەرنجڕاکێش دێنێتەوە، بۆوەی نیشانی بدا شتێکی ناباو بەرە بەرە و بە هۆی دووپات بوونەوە چۆن دەچێتە ڕیزی باوەکانەوە. «ئەوەی یەکەم جار گوێی لە دەستەوشەی «لوبیای چشم بلبلی» دەبێ، لە پێشدا واقی وڕ دەمێنێ، بەڵام ئێمە کە باسی دەکەین، نە بیرمان بەلای بلبلدا دەچێت و نە چاوی بلبلیش، یەکسەر لۆبیاکەمان دێتە پێش چاوی، چونکە ئیتر زمانەکە سواوە.

ئەو بارانە زۆر بڵێ و ناباوە، دۆخی ناباوی دیکەی شیعری بە دوای خۆیدا دێنێ.

«گڕ گڕ گڕ دۆزەخ ئەی دایکە میهرەبانەکەم.
شین شین شین
دەریا
ئەی تۆ سنووری مابەینی من و خنکان»

بە گشتی بەشی پێش وتاری ئەو شیعرە، دۆخێکی ئاڵۆز و پڕ لە دژوازی و نیشاندەری کێشەی سیاسی و تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی تاکێکە کە «بە سەر زەمزەمەی دۆزەخدا کۆچ دەکا».

بەشی یەکەم و بەشی دووەم، دوو کورتە بەشی سەر بە پێش وتارن کە هەر کام دیسان دەوامە و درێژەی نەخشاندنی دۆخێکن کە شاعیر لە پێش وتاردا خستوویەتییە ڕوو. یەکەم برسێتی و سیستمێکی سیاسی سەر بەو فەزایە، وڵاتی برسییە فیدراڵەکان. دووەم نهێنییەکانی شۆڕشگێڕێکی مەرگاوی و قووڵایی ئەو نهێنیانە.

بەشی دووەم خۆی چەند نێرتەک، یان ژێر بەشی لێ دەبێتەوە کە هەم جوانی دابەشکارییەکە زیاتر دەکەن، هەم خۆیان پاژێکن لە سیستمی جوانیناسانەی شیعری ڕەزایی، واتە شێوەی ناو لێنانەکان بەشێک لە شیعرییەتی دەقەکە پتەوتر دەکەن، ژێر بەشەکانی پاژی دووەم بریتین لە ڕووداوەکان. کام ڕووداو؟ ئەو ڕووداوانەی لەو شیعرەدا ڕوو دەدەن. لە بەشی ڕووداوەکاندا شاعیر ڕوانگەیەکی گشتی بۆ دووانە لێکدژەکان من/ تۆ یەک کە لەو شیعرەدا دەبوو پێک بگەن و پێک نەگەیشتوون، دەخاتە ڕوو، واتە ڕووداوەکانی من و تۆ.

ژێر بەشی دووەم «ڕووداوە فەرهەنگی و هونەرییەکان»ی ناو مێژووی شێتییە. ژێر بەشی سێیەم کێشانەوەی جوغرافیای تەنیایی کەسی ناو شیعرەکەیە، هەرێمی تەنیایی ئینسانی هاوچەرخی جیهان و کوردە کە لاوەتی، بلوغ و پیری ئاوێتەی خەفەت و ئاوابوون بوون.

لێرەدایە کە بۆ ژێر بەشەکانیش، شاعیر پەراوێز دادەنێ. پێکهاتەیەک کە جار لەگەڵ جار پێچیاوتر و لەهەمان کاتدا جوانتر دەبێ.

تێبینی لە ژێر بەشی جواغرافیای تەنیایی:

(کە باران دەستی کرد بە گێڕانەوەی
چۆم و کانیاوە مردووەکان
کێ دەستەڵاتی ڕوانی بێ
دەبێ بڕوێ)